# راگەیاندنی لۆکاڵ لە هەرێمی کوردستان

**سەروەر ئەمین**

لە توێژینەوەیەکدا فوئاد عەلی راگەیاندنی لۆکاڵ لە هەرێمی کوردستان، کە سلێمانی بە نمونە وەرگرتووە، ئەوەی خستوەتەروو کە ناهاوسەنگی و پەرش و بڵاوییەك لەنێوان رێکخراوە ناحکومی و ناوخۆییەکاندا هەیە، رێکخراوە (NGO)ەکان 40% یان لە سلێمانیدان، سێیەکیان لە بواری کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کێشەو پێویستی و بۆشایی گەورە لە کلتوری کوردیدا هەیە.

ئەم کتێبە بە قەبارەی (157) لاپەڕەو لەلایەن سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر بەچاپگەیەنراوە.

ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی رووی کارکردنی رێکخراوە (NGO)ەکانە لە کوردستان و شاری سلێمانیش بە نمونە وەرگیراوە، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لە دوای راپەڕین کرانەوەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستاندا هەیەو بوونی ژمارەی زۆری رێکخراوەکانیش ئەو راستییەی سەلماندووە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی رێکخراوە ناحکومییەکان دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی دیموکراسی و مەدەنییە.




ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوەو ووردبوونەوە لە بابەتی (Local – NGO) کوردییەکان و راگەیاندنەکانیان، کە تا رادەیەك تێگەیشتنە لە زانینی ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردەواریی، لێرەوە بوونی ئەم رێکخراوانەش بارێکی ئیجابی بە کۆمەڵگەی کوردەواری دەدەن، سەرەرای ئەوەی هەندێك کەم و کووریش لە رێکخراوەکاندا دەردەکەون.

بایەخی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدایە کە سەرجەم رێکخراوەکان کە لە بوارە جیا جیاکاندا کاردەکەن دەیانەوێت وەك دەسەڵاتی چوارەم کە خەڵك پێی ئاشنایەو ئەمانیش وەك دەسەڵاتی پێنجەم کە لە دنیادا هەیە بناسرێن و بتوانن رۆڵ و کاریگەریان هەبێت بە تایبەتی لە مەسەلەو بوارە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر شەش بەشدا دابەشکراوە بەشی یەکەم باسی گرنگی بوونی رێکخراو کراوە چ پەیوەندییەکی بە دامەزراوە نێو نەتەوەییەکانەوە هەیە، بەشی دووەمی توێژینەوەکەش باس لە رێکخراوە حکومیەکان و ناحکومیەکان دەکات، کە وەك کارەکتەرێکی بەشداربوو لە سیستمی نێونەتەوەیدا رۆڵی هەیە.

لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا باس لە پێشینەو داهات و ئامانج و رۆڵی (NGO)کان دەکات.

لە بەشی چوارەمیشدا پۆلێنی رێکخراوەکان لە سلێمانی کراوە، کە لە جۆری کۆمەڵایەتی و ئابوری و مرۆڤایەتی و رۆشنبیرین و لەگەڵ رێژەی سەدی هەریەك لەم جۆرانەو مەسەلەی یاسایی بوون و یاسایی نەبوونیان.

بەشی پێنجەم کراوە بە دوو پارەوە، پاری یەکەم بابەتی راگەیاندن و پرەنسیپەکان و کەناڵەکان و پەیوەندییان بە جیهانگیرییەوە دەکات، کە تەوەری سەرەکی ئەم باسەیە، پاری دووەمیش جگە لەوەی کە لە رێگەی فۆرمەکانی زانیاری تایبەت بە (Local – NGO)کان لە سلێمانیدا دەست کەوتوون، کە تێیدا زانیاری تەواو لەسەر رێکخراوەکان و راگەیاندنەکانیان هەیە، بەشی شەشەمیش تایبەتکراوە بەسەرئەنجام و ئەو ئاکامانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەدەستمان کەوتوون، چەند پێشنیارو چارەسەرێکیشمان بە باش زانیوە بۆ ئەو گیروگرفتانەی کە هەستمان پێکردوون".